# بەرگرییەك لە پەرلەمان!

بەشدار عەلی
Bashdar_net@yahoo.com

بە زۆرینەی دەنگ پەرلەمانی کوردستان رەزامەندی لەسەر یاسای رۆژنامەگەری کە دەربڕی کە لەلایەن سەندیکای رۆژنامە نووسانی کوردستانەوە ئامادە کرابوو بۆ ئەوەی رەوشی رۆژنامەگەری لە کوردستاندا(رێك بخریّ)!,بەدوای پەسندکردنی لەلایەن پەرلەمانی کوردستان نوسەران و رۆژنامەنوسان و دەزگاکانی بە ناو ئەهلی و سەربەخۆ نارەزایەتیەکی توندیان ئاراستەی پەرلەمان کرد کە وەکو بلّیّی چاوەریّی (نوێنەرانی گەلیان)نەدەکرد ئەو جۆرە یاسانە پەسند بکات و ئازادییەکان سنوردار بکاتەوە.

بە جیا لەوەی ناوەخنی ئەو یاسایەی کە سەندیکای رۆژنامەنوسان ئامادەی کردبوو,لەگەڵ سەرەتاترین ماف و ئازادییەکانی چاپ و بلاّوکردنەوە ناکۆکیەکی قوڵ پەیدا دەکات و یەکێکە لە کۆت و زنجیرەکانی تری ئەو سەندیکایە بۆ دەست و پەنجەی نوسەران و رۆژنامەنوسان و رۆشنبیران و خەڵکی کوردستان,بە جیا لە هەموو ئەو قەید و بەندانەی کە لە بەندەکانی ئەو پرۆژە یاسایەی کە سەندیکا ئامادەی کردبوو لە بەرچاوگرتنی (ئاسایشی نەتەوەی و ئەزموونی کوردستان و سەروەریەکان) کە لە پرۆژەکەدا بوونی هەیە,بەسە بۆ ئەوەی رۆژنامەنوسان نەتوانن قسە لە بچوکترین دیاردەی نەشیاو و دزی و گەندەڵیەکانی بەرپرسەکان و سات و سەودا نهێنیەکان و خۆفرۆشیەکان و کێشە و گرفتەکان و خزمەتگوزارییە سەرەتایەکان,بکەن کە حەڤدە سالە بە دەستیەوە گیریان خواردووە و خەڵکی کوردستان رۆژ لەدوای رۆژ وەزعیەتی بەرەو خراپ بوون دەروات, ئەمرۆ خۆزگە بە دوێنیّ دەخوازیّ.

بەهەرحاڵ قسەی من لەسەر ئەوەیە کە ئەو گلەی و نارەزایەتی و رەخنەکانە نوسەران و رۆژنامەنوسان لە پەرلەمانی کوردستان لە جێگای خۆ نەبوو و دەبوایە ئاسای مامەڵەی لەگەڵ بکرایە!بۆچی؟

پەرلەمانێك لە ئەنجامی ڕێکەوتنی نێوان چەند ئەحزابێك هاتبێتە کایەوە کە تاکو ئێستاش لە نێو خۆیان و دەسەڵات و ئیدارەکانیاندا نزمترین ووشەی جیاواز,کاڵترین ڕەنگی جیاواز,بە شەق و گوڵە وەڵام دەدەنەوە و ڕۆژانە لەدوای کەسان و لایەنێکن کە ووشە و ڕستەیەك لەوان جیاواتر دەڵێت یاخود شرۆڤە دەکات ,چۆن ڕێگە بە ئێمە دەدەن لە دەرەوەی ئەوان حەقانیەتیان باس بکەین و پەردە لەسەر هەموو کارە نهێنیەکان هەڵدەینەوە؟کۆمەڵێك ئەندام پەرلەمان کە دوا هەنسکی خوێنرێژترین ڕژێمی سەردەم لە پەیوەندیدا بوون و کاریان کرد بۆ مانەوەی, ئیستا بە چ لۆژیکێك چاوەروان بین کە ماف و ئازادیمان بۆ بهێنن؟بەرپرسان و کەسانیك لە پەرلەمان کە تاکو چەند ساڵێك بەر لە ئیستا ئاژەڵێکی باشیشیان نەبوو بۆ هاتووچۆ ئیستا, خاوەنی هەموو شتێکن و لە نێو مۆنیکا و ڤیلاکاندا دەخۆن و دەخۆنەوە و سەرپەرشتی کارگە و کۆمپانیا و کافتریای هەمە جۆر دەکەن,ئیستا چۆن ڕێگە بە ئێمە دەدەن ریپۆرتاژ لەسەر موڵك و سامانەکانیان ئامادە بکەین و لێین بپرسین ئەگەر بە ڕێگای(نا یاسای)نەبێت ئەو سامانەتان بەم ماوە کورتە لە کویٚکۆکردۆتەوە؟! خۆیان لە ئەنجامی کوتلە و کوتلەکاری حیزبەکان و خزم خزمێنە و سوتفە و مەهزەلەی کاری سیاسی لە کوردستاندا گەیشتونەتە پەرلەمان و نوێنەرایەتی سەد کەس لە کوردستان ناکەن,چۆن ئیستا ڕێگا دەدەن لە ڕێگای ڕۆژنامەنوسانەوە کێشە و گرفتە جۆراو جۆرەکانی خەڵکیا ڕوو بە ڕوو بکرێتەوە؟!بۆیە بە بڕوای من نابێت ئەو ڕەخنانە ئاراستەیان بکرێت و پەرلەمان شایەنی ئەو ڕەخنانە نیە !بەڵکو دەبێت چاوەڕوانی کار و پرۆژەی زۆر خراپتر و توندتر بین لەم بەرێزانە,چونکە سیستەم و دەسەڵاتێك ئەوانەی لەم بینایە کۆکۆدۆتەوە بۆ ئەوەی شانی خۆیان لە هەموو خراپیەکان خاڵی بکەنەوە و وەکو ماشەیەك پرۆژەکانی خۆیان پیٚ جێبەجیٚ بکەن و ڕووبەڕووی شەرمهێنەرترین هەڵوێستایان بکەنەوە ,بە جیا لەوەی ئەو ئەرکەی کە ئەندامانی پەرلەمان قیوڵیان کرد و لەگەڵ پرۆژە و کارەکانیان جێگای تونترین ڕەخنە و ڕووبەڕووبوونەوەیە,بەڵام ئاوەکە لە سەرچاوەکەیەوە لێڵەوە و ئێمە دەبێت بچین کێشەکە لە سەرچاوەکەی چارەسەر بکەین و چاوەکانمان سەرووتر ببینن.